www.kurdistannet.org
27/07/2003

به ناوی کوردستانی گه‌وره !

# شیوه‌نی هۆنه‌ران بۆ هه‌ڵه‌بجه

(جێی سه‌رنجی تا یبه‌تی ئه‌و ژاک شیراکه زلکوێرانه، که هێشتا بۆ چه‌کی کۆمه‌ڵکوژی سه‌ددام و مه‌ددام ده‌گه‌رێن).

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

ئه‌مرۆ له دڵما ، شه‌پۆڕ و شینه
شاری حه‌ڵه‌بجه ، به خوێن ره‌نگینه
بووکی شاره‌زوور ، تاری خوێنینه
شاخی هه‌وراما‌ن که‌یلی گرینه
شاهۆ له تاوا ، پیشه‌ی گریانه
ئه‌م مه‌رگه‌ساته ، نه‌نگی جیهانه

×

گازی ژه‌هراوی گولله‌ی پڕ له ژار
قه‌تڵی عامی کرد ، ژینه‌واری شار
هه‌روایه به‌شی . میلله‌تی هه‌ژار
یا ئه‌یخنکێنن ، یا ئه‌یده‌ن له دار
ئه‌سرینی قه‌ندیل ، چه‌شنی بارانه
ئه‌م مه‌رگه‌ساته ، نه‌نگی جیهانه

×

ئه‌حمه‌دی خانی له بۆتانه‌وه
به مه‌موزین و به‌یتی جوانه‌وه
هاته نێو کۆڕی شه‌هیدانه‌وه
شیوه‌نی به‌ردی ده‌تاوانه‌وه
حه‌ڵه‌بجه‌ش ئێستا وه‌ک بادینانه
ئه‌م مه‌رگه‌ساته ، نه‌نگی جیهانه

×

هۆنه‌ری کۆیی ، حاجی کۆڵنه‌ده‌ر
له حه‌یفا ، سه‌ری له خاک هێنا ده‌ر
کردیه گریان و چه‌مه‌ر و رۆڕۆ
فرمێسکی چاوی بو به تانجه‌رۆ

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

حەڵەبچە زێدی میری بابانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

پیرە مێردی مەرد ، پیتۆڵی گەورە
جێگەی شانازی، شازی ئەم دەورە
کەوای سەربەستی خستە سەر کۆڵی
گۆچانی مازوی ئاڵاندە قۆڵی
حەڵەبچەش ئێستا گردی سەیوانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

هۆنەری بێدار ، ئەحمەدی موختار
لە داخی زوڵمی زاڵمی بەدکار
کەوتەوە وتە و وتار و هاوار
هۆنیەوە تاڵی ملوانکەی ئەشعار
حەڵەبچە گڵکۆی سیاچەمانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

حەمدی بەرزە بیر ، جێگەی شانازیم
هاوبیری رچەی نزمی و هەورازیم
فەرموی:کواتارا ، کوا هێرۆ ، کوا ژین ؟
هەڵمەت لەکوێیە ، کوامەم ، کوانێ زین ؟
حەڵەبچە شاری ساحێبقڕانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

لە سلێمانیەو فایقی بێکەس
لە داخی بەعسی، زۆرداری تەرەس
گەییە حەڵەبچە ،بە شین و زاری
ئەسرینی ئەڕژاند بۆ ، کوردەواری
حەڵەبچە شاری شا سلێمانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

مفتی پێنجوێنی ، هات بە عاباوە
تەزبێح بەدەست و دەم بە دۆعاوە
پرسی: ئەم شارە بۆچی خامۆشە ؟
تەواوی مرۆڤ ، بۆچی رەشپۆشە ؟
حەڵەبچە گوڵی دەربەندی خانە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

قانیعیش هات و بە شێعری کوردی
رژاندی ئەشکی ئیحساسی وردی
شینێکی گێڕا، بەردی کرد بە ئاو
قوڕی گرتەوە ، بە خوێنی رژاو
مەعشووقی ئەو بو ،ئەم کوردستانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

ماموەستای گەورەم، سەیفی گەلپەروەر
لە موکوریانە و رەشی کردە بەر
هاتە نێو کۆڕی شەهیدانی کورد
سڵاوی هەنارد بۆ زل و بۆ ورد
زمانی سەیف ، شیری دەبانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

ئەمجارجگەر خۆێن، بە جەرگی خوێنین
لە بادینانەوە ، هاتە کۆڕی شین
شیوەنی ئەکرد ، بە هێزی هەناو
بۆ شاری چۆڵی هۆڵی کەس نەماو
حەڵەبجە ، وێنەی قامیشلی وانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

هێمنی دڵسۆز ، لە سابڵاغەوە
بە ئێشی زام و جەرگی داغەوە
گییە مەجلیسی سەرخۆشی شارێ
شارێ ، کە بارێ ، ژارێ ، دەبارێ
کورتەکیش وەک ئەو دەردی گرانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

ئەمجار مام هەژار هاتە شینەوە
بە ناڵەی دەروون ، بە ئەسرینەوە
گرتی لە باوەش ، تەرمی هەژاران
فرمێسکی رژاند ، وەک لزگەی باران
تەرەغەش خەریک چەمەرگێڕانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

www.kurdistannet.org

×

بەعسی رەگەزکوژ ، نایانەوە داو
نە ژن ما ، نە پیاو ، نە پیرما ، نەلاو
گازی ژەراوی خەردەل وەک بۆران
خنکاندی هۆزی دڵسۆزی سۆران
هەرچەند ، حەڵەبچە بو بە وێرانە
ئێستاش هەر لانەی بەچکە شێرانە

کوردستان نێت www.kurdistannet.org